:خوێندنەوەی کتێب بەشی -١ -

**ناسیۆنالیزمی کوردی لەڕوانگەی کۆمەڵێک توێژەرەوە**

و. لە ئینگلیزییەوە محەمەد حەمەساڵح تۆفیق چاپی مەکتەبی گەشەپێدانی بیر و هوشیاری سلێمانی - ٢٠٢١ بەرگی - ١ - ٥٤٤ لاپەڕە
هەڵۆ بەرزنجەیی. ١٨,١,٢٠٢٤




ئەگەر باسی یەکێ لە گرفتەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی بکەین ئەوەیە هێشتا سەرچاوەیەکی تێروتەسەلی گشتگر نییە، بەرهەمی خوێندنەوە و تۆمارکردنی ئەم هزر و بزاڤە بێت..
لێرە و لەوێ لە کۆنتێکسی هەندێ بابەتی مێژوویی یاخود سیاسی دا، ئاماژەی سەرپێی بەم دیاردەیە کراوە.
کەمی سەرچاوەش جگەلەوەی بۆ خۆی دیاردەیەکی خراپ و زیانبەخشە، هاوکات بۆتە هۆی نامۆیی و ناشارەزایی و لێ حاڵی نەبوون و شێواوی لای خەڵک و خوێنەر بەرانبەر بە ناسیۆنالیزمی کوردی ..!
ئەم گرفتە لێرەدا جێی نابێتە و لێدەگەڕێین کارێکی سەرومڕ لەم ڕووەوە بتوانێ بابەتییانە و زانستانە ئەو ئەرکە بگرێتە ئەستۆی خۆی و خزمەتێ بە بیر و رۆشنبیریی کوردی بکات.!
سەرەتا ڕوونکردنەوەیەکی پێویست .. بەگشتی من خۆم لە بەکارهێنانی زاراوەی ناسیۆنالیزم بەتایبەت لە فۆرم و مۆدێلی ئەوانەی داگیرکەرانی کوردستاندا باش دەپارێزم.. ئەم دیاردەیە کە مۆدێرنە پێناسەیەکی حەتمی خۆی پێداوە، جێی بایەخی من نییە.. من پتر وەک بیر و هەستی نەتەوەیی و بە کوردییەکەی کوردایەتی ناوی دێنم و باوەڕم پێیەتی . بەڵام لەبەرئەوەی ناونیشان کتێبەکە و وتارەکان و باسەکە ناسیۆنالیزمە، بۆیە منیش هەر ناسیۆنالیزم بەکار دێنم.
سەرەتا وەرگێر پێشەکییەکی خەستوخۆڵی بۆ نووسیووە و گەشتێکی وردی بەم مێژووەدا کردووە و ئەو تاوانانەی نەتەوەپەرستانی داگیرکەر لەژێر ناوناونیشانی ناسۆنالیزمدا دژ بە کورد ئەنجامی داوە ئاماژە پێ دەدات ..
ئینجا کۆمەڵێ پرسی تریش دەوروژێنێ. بۆیە لە پێشڕا دەستخۆشی لە برای وەرگێر و ئەم خزمەتە بەرچاوەی دەکەم ..
ئەم بەرهەمە لە ١٠ وتار یان توێژینەوەی جیاجیای کۆمەڵێ نووسەر پێکهاتووە.. من لەبەرەوە هەوڵ دەدەم بڕگە سەرەکییەکانی شەنوکەو بکەم..

**١ -پاشخانی مێژوویی:ڕەگوڕیشەی ناسیۆنالیزمی نوێی کورد .پرۆفیسۆر مایکل ئەپەڵ**

توێژینەوەکە زانستییە و گێرانەوەیەکی مێژووی بزاڤە کوردییەکانە..
باس لە ناوەڕۆکی ناسیۆنالیستانەی ڕاپەڕین و داواکانی شێخ عوبەیدوڵا دەکات لە ساڵی ١٨٧٨ دژ بە دەوڵەتی عوسمانی .دەنووسێ: "عوبەیدوڵا لەبارەی سەربەخۆیی کوردەوە داواکانی تەمومژاوی بوو و پاڵنەر و ڕەفتارەکانی نەریتی و خێڵەکی و فیوداڵانە بوون. لە هەندێ بۆنەدا زاراوەی نەتەوە یان تایفەی

کوردی بەکاردەهێنا و ئاواتی خۆی بۆ یەکگرتنی کورد و دەوڵەتێکی کوردی دەردەبڕی لەژێر سایە و حوکمی خۆیدا...
ئاماژە بە حاجی قادر و مەموزینی زانی وەک دەقێکی ئەدەبی نەتەوەییانەی ساڵی ١٦٩٥ دەکات.. واتە پێش شۆڕشی فەرەنسا و سەرهەڵدانی سەرەتاکانی ناسیۆنالیزم لە ئەوروپا ..
ئەوروپاییەکان پێیان وایە ناسیۆنالیزم دیاردەیەکە لە ئەوروپا سەری هەڵداوە ، بۆیە ئەو بیر و ئەندێشانەی خانی بەهەند وەرناگرن ..!نووسەر پێی وایە ناتوانرێ ناسیۆنالیزم بسەپێنی بەسەر ئەم دەقەدا چونکە ئەو دیاردەیە زادەی کۆمەڵگەیەکی سەرمایەداری مۆدێرنەیە ..
وەک ئاماژەمان پێدا بەشێکی زۆری مێژوونووس و کۆمەڵناسەکان شتێک نابینن بەناوی باسیۆنالیزم لەدەرەوەی مۆدێرنە. ئەمەش حوکمێکی نالۆژیکییە و مەرامێکی سیاسی وا لە پشتەوە...
نووسەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە کورد هەرگیز ملی نەداوە بۆ داگیرکەرەکانی و بەهەر نرخێک بێت بەرەنگاری کردووە .
کاتێ ئیسلام هاتووە کورد بە شەڕ بۆتە ئیسلام ..!ئەگەرچی ئەمیش نەیتوانی بەتەواوی زاڵ بێت بەسەر کورددا.. باس لەوە دەکات کورد خواستی باڵادەستی و فراوانخوازی نەبووە و لەبەرئەوەی:" چونکە لەلایەن خێڵەکانەوە جموجوڵی گەورە نەبوو بە ئاڕاستەی ناوچەکانی ژیان و گوزەرانکردن لەدەرەوەی چیاکانی کوردستان، لە لایەکی تریشەوە نەهێزی خێڵەکان پەرەی سەندبوو و نە پێکهاتەی سیاسی تۆکمە و ڕێکخراو یان ئایدۆلۆژیایەکی ئایینی پاڵنەری بوو."
بەواتای ئەوەی کورد لەبیری خۆیدا نەبووە و گرفتاری ململانێ و هەراکانی ناوچەکە بووە بۆ خۆی تێنەکۆشاوە .بەم پێیە دابڕاو لەیەکتری و نەبوونی زمانی ستاندارد و ئاینێکی هاوبەش و دەسەڵاتێکی سیاسی زیانی پێ گەیاندووە..
دێتە سەرباسی بنەماڵەی ئەیبووبی کە توانییان لەسەردەمی ئیسلامدا دەسەڵات بگرنە دەست و سەلاحەدین هەڵکەوت!.. بەڵام لە دەڤەرێکی دووری کوردستان لە میسر ..
دوایی باسی کێشەکانی کورد لەگەڵ تورک/ عوسمانی و شیعە و فارسی سەفەوی دەکات کە زیاتر لە سێ سەدەی خایاند باسی مەولانا ئیدریسی بەدلیسی دێتە ناوەوە و ڕێکەوتنی قەسری شیرینی ساڵی ١٦٣٩ ی دوای شەڕی چاڵدێرانی نێوان عوسمانی و سەفەوی. لێرەشدا کورد هیچی پێ نەبڕا .
میرنشینەکانی ژێردەسەڵاتی عوسمانی پێگە و ڕۆڵیان شیدەکاتەوە باسی داستانی قەڵای دمدم و عەبداڵ خانی بەدلیس دەکات کە چ پێگەیەکی رۆشنبیریی و پێشکەوتوو هەبووە لەو کاتەدا.. کتێبخانەیەکی دەوڵەمەند ١٦٥٦...
چەند کۆپلەیەک لە ناو شیعری مەموزینی ئەحمەدی خانی دێنێتەوە..
دێتە سەرئەوەی کەوا : "لە کوردستاندا بارودۆخێک نەڕەخسابوو بۆ پەرەسەندنی بورجوازییەتێکی شارستانی یان ئەرستوکراتی وەک چینێکی کۆمەڵایەتی بە گوتار و بەرژەوەندییە بان خێڵ و بان لۆکاڵ و بان میرنشینەوە."
باسی رووسیا و داگیرکاری لەناوچەکانی قەوقاز و هاتنی ئینگلیز و کۆلۆنیالیزمەکردنی رۆژهەڵاتی ناوین و لاوازبوونی هەندێ میرنشینی کوردی دەکات و بەدرێژی لەسەر میرنشینی سۆران دەوەستێ و باس لە خەون و ئاواتی سەربەخۆی میری سۆران دەکا تا کوشتنەکەی بەدەستی عوسمانییەکان.. دواتر میرنشینی بۆتان شرۆڤە دەکات و راپەڕینی یەزدان شێر بەشێکی تری توێژینەوەکەن...
دوابەشی کارەکە لەژێر ناونیسانی:«سەرەتاکانی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد»دا نووسیووە
لەهەمووجی رووخانی دەوڵەتی عوسمانی و جەنگی جیهانیدا سەرکردەکانی کورد نەیانتوانی لەو سەردەمەدا کە نەخشەی ناوچەکە سەرلەنوێ کێشرایەوە شتێ بۆ خۆیان بەدەست بهێنن.
توێژینەوەکە هەر لە مەودای باسە مێژووییەکان و هەڵوێستە سیاسییەکان دا ماوەتەوە و کەمتر خۆی بۆ باسێکی تیۆریی و زانستی لەسەر ناسیۆنالیزم تەرخان کردووە.. لەگەڵ ئەوەشدا باسەکەی دەوڵەمەندە .
ئەم توێژینەوەیە ٧٠ لاپەڕەی گرتوتەوە
@@@@@@
**٢ -ناسیۆنالیزمی کوردی: ڕەگ و ڕیشەکانی چین؟ ژێگەر حەسەن**

ژێگەر حەسەن توێژەرێکی کوردە و لە باسەکەیدا نزیک کەوتۆتەوە لە پرس و بابەتی ناسۆنالیزم قسە لە بۆچوونی کوردی دەکات کە پێی وایە ناسیۆنالیزمی کوردی مێژوویەکی کۆنی هەیە و لە ئەدەبدا ڕەگی داکوتاوە...
نووسەر بۆ کارەکەی پشتی بە تیۆریی ئەنتۆنی سمیت و لێکدانەوەکانی ڤان بروسن، هیزشلەر، سترۆ همێیر بەستووە و زاراوەکانی ناسیۆنالیزم و پریناسیۆنالیزم و مۆدێرنیزم باسەکەی نەخشاندووە.. لەبەر رۆشنایی ئەمانەدا توێژینەوەکەی ئەنجام داوە.
توێژەر پێی وایە:• کە نە ڕێباز و بۆچوونی سەرەتایی و نەمۆدێرنیتەش هەر یەکەیان بەتەنها ناکرێت ڕاڤەی ڕەگ و ڕیشەی ناسیۆنالیزمی کوردی بکات .."کەواتە ناسیۆنالیزمی ناوبراو تایبەتە و هیچ قاڵبێک بە تەنیا بۆی نابێت ..
پێناسەی نەتەوە لەم توێژینەوەیەدا بەرچاو خراوە، کە یارمەتی خوێنەر دەدات لە بابەتەکەدا.. جیاوازی لەگەڵ ئێتنی دا خراوەتە ڕوو بەوەی پێناسەی ئەمیش کراوە ..!
دواتر چەند نمونەیەک لە بیروبۆچوونی ئەمیری حەسەنپوور دێنێتەوە و ناسییۆنالیزمی فیۆداڵ ئەو مۆرەی حەسەنپوور لە بیرکردنەوەی شەرەفخانی بەدلیسی و ئەحمەدی خانی دەدات.. حەسەنپوور پێی وایە تاوەکو سەدەی بیستەم کۆمەڵگەی کوردی فیۆداڵ بووە، لە کاتێکدا مێژووی سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی مۆدێرن دەگێڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەیەم ..
ئەم باسوخواستی فیوداڵەی کۆمەڵگەی کوردیی مشرومڕی نێوان ناوبراو و مامۆستا مەسعوود محەمەدیشە و لەو بارەیەوە خوێنەر دەتوانێ تەماشای کتێبی( بۆ ئەمیری حەسەن پوور لە هەر کوێیەک بێت)! بکات ..
دواتر گەشتیەکەی لە بیروبۆچوونە تیۆریی و بۆچوونە مێژوویی و سایکۆلۆژی سۆسیۆلۆژییەکان و دواتر بۆ جەختکردنەوە لەسەر تایبەتێتی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆچوونی ئێدمۆندز و حەسەنپوور دێنێتەوە ..
ئەوجا باس لەوە دەکات کە دوای رووخانی ئیمپراتۆرێتی عوسمانی چەند بیرمەندێکی تر دێنە سەرشانۆی ناسیۆنالیزمی کوردی لەوانە: ئەمین زەکی بەگ و جەمال نەبەز ..نەبەز لە کتێبێکی سەربەخۆیدا جەخت لەوە دەکاتەوە "بیری نەتەوەیی نە ناسیۆنالیزمی رۆژئاوایە و نە قەومی رۆژهەڵاتی .. "
نووسەر بیروڕای خۆی هاوجووتی هی ڤان برونەسن دەکات سەبارەت بەوەی ناکرێ بیروبۆجوونەکانی خانی بەس بێت بۆ سەلماندنی بوونی ناسیۆنالیزمی کوردی.. پێشتر ئاماژەمان بە جەوهەری ئەم خاڵەدا ..
لە بەشێکی تری توێژینەوەکەیدا دەگەڕێتەوە بۆ پرسی مۆدێرنە و بیروڕاکانی برۆلی و هۆبسباوم و ئەندسن و گێلنەر ..ئەمانە بێ چەندوچوون جەختیان لەسەر ئەوە کردووە مۆدێرنە مامانی ناسیۆنالیزمە لە ڕێی چاپ و چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە و پیشەسازی و سێکۆلاریزم و دەزگەی دەوڵەتەوە..
نموونەش لە بۆچوونەکانی ئەندرسن دێنێتەوە .. ئەمانە بەتێکڕا دەیانەوێ ناسیۆنالیزم لەمێژوودا بەدرۆ بخەنەوە و لە مۆدێرنەی مارە بکەن!.. هاوکاتیش بیکەنە موڵکی رۆژئاوا.. هەر ئەم بڕیار و بۆچوونەشە وا دەکات د. عرفان مستەفا پێی وابێت ‘مۆدێرنە کوردی بە شەیتان کردووە .”بە دیوێکی تریشدا مۆدیرنە دەستووسانە لەئاست خوێندنەوە و تێگەیشتن لە ڕەگوڕیشەی دۆزی نەتەوەی کورد..!
هەروەها نووسەر چەند بۆچوونێکی سمیت دێنێتەوە کە ڕەخنەی توندن لە مۆدێرنیزمە:" مۆدێرنیزم ڕۆڵی کولتوور و زمان و سیمبۆڵ و ئەفسانە کەمدەکاتەوە لە پرۆسەی پێکهاتن و دروستکردنی گەل و نەتەوەدا".. پێی وایە بیر و تێزەکانی سمیت گونجاوترن بۆ خوێندنەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی..
لەڕوانگەی سەرەتاییناسیی/ پریناسیۆنالیزم جارێکی تر دێتەوە بۆ لای کتێبێکی (حەسەنپوور و مینۆرسکی لە کتێبی ڤان برونەسن و حەسەنپوور).. پێی وایە بە چەمکی مۆدێرن کورد هەستی نەتەوە و ناسیۆنالیزمی نییە، با خاوەنی دوانەی کولتوور و زمانێکی کۆنیش بێت..!
لەژێر سەرباسی ئەنجام دا ، نووسەر پووختەی بیروڕای نووسینەکەی داڕشتووە.. دەنووسێ :" خێڵ و هۆزە کوردەکان هەمیشە خۆیان بە بەرپرس زانیوە لە پاراستنی خەڵک و دانیشتوان و ئەمەش بەڵگەیە بۆ خاڵێکی گرنگ ئەویش ئەوەیە کە ناسنامەی کوردی، پەرچەکردار نەبووە و بۆ مەیل و ڕەفتاری داگیرکەران ، بەڵکوو بەردەوامییە بە پەیڕەویکردنی پراکتیزەی زمان و کولتووری هاوبەش و توانای کورد."

ئەم خوێندنەوە و شرۆڤەیە نیشانە پێکە و بەدرێژایی مێژوو لە بندەستی و بێدەسەڵاتیشدا کورد هەر گیانی بەرەنگاری تێدا بووە و دژایەتی بێگانەی کردووە و هەوڵی خۆپارێزی داوە...
پێش کۆتاییهێنان بە توێژینەوەکەی هەندێ تێزی مۆدێرنە دەداتە بەر تیشکی ڕەخنە و پێی وایە ئەو دیاردەیە واتە مۆدێرنیزم: یەکەم...ناتوانێ لێکدانەوە بۆ هەستی نەتەوایەتی بکات لە پێش سەدەی هەژدەدا. دووەم.. مۆدێرنیزم ناتوانێ لێکدانەوە بۆ هەست و پەیوەندی سۆزداریی تاکەکەسان بکات لە پێناوی نەتەوە و میللەتەکەیاندا..
پێی وایە لە مۆدێرنیزم و پریناسیۆنالیزم دا کەمووکورتی هەیە...
ئەم توێژینەوە بەوە دەوڵەمەندە لە گەشتێکی باشدایە لەناو سەرچاوە و بۆچوونە تیۆرییەکاندا و بەشێکی بۆ خوێنەر لێ خستووەتە بەرچاو.. بەداخەوە سەبارەت بە کاری بیرمەندە کوردەکان کەمتر خۆی لە تخووبی باسەکان داوە و چ کارەکانی نەبەز و گەلێ لە بیر و جیهانبینی و بۆچوونەکانی مەسعوود محەمەد قسەیان لێ نەکراوە، تەنیا بەکورتی هەندێ بۆچوونی حەسەنپوورمان پێشکەش دەکات لەکاتێکدا خوێندنەوەی حەسەنپوور لەو چوارچێوە تێنەپەڕیوە کە کۆمەڵگەی کوردی کۆمەڵگەیەکی دەرەبەگییە و زەمینەی دەرکەوتنی هیچ دیاردەیەکی مۆدێرنیزمی تێدا نییە...
بە کورتی دەکرا خانمە توێژەر بەڕێز «ژیگەر حەسەن» زیاتر خۆی ماندوو بکات و باسە زانستییەکەی تێروتەسەل تر بکات و زیاتر بۆ واقعی کۆمەڵایەتی و مێژوویی کورد بگەڕایەوە و شرۆڤەی بیروڕای شارەزایان و بیرمەندانی ئەم بوارەی بکردایە...!
باسەکەی ئەم توێژەرە ٤١ لاپەڕەی گرتوتەوە..

§§§§§§§

**٣ -شێخ مەحموود.. سەرهەڵدان و شکستی سەربەخۆیی باشووری کوردی لە کوردستانی عێراقشا، پاش جەنگی جیهانی یەکەم**
**وەدیع جوەیدە**
هەڵبژاردنی ئەم باسە و بەدواچوونی لەو سەردەمە ئاڵۆزەی دارمان و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عوسمانی کۆتایی یەکەم جەنگی جیهانی و هاتنی گەورەترین هێزی کۆلۆنیالیستی ئینگلیز بۆ ناوچەکە و لە ئاستێکی باڵاتریشدا سەردەمی بزاڤی نەتەوەیی و گەرمەی ناسیۆنالیزم و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی لەسەر شانۆی جیهان و بڵاوبوونەوەی بەندەکانی ولسۆن و زۆر گەشە و پێشکەوتنی تریش بایەخ و سەنگی ئەم لێکۆڵینەوە مێژووییە بەپێزە زیاتر دەکات...!
لە ڕاستی ئەم لێکۆڵینەوەیە زۆر بابەتی و زانستییە و نووسەر بە دەستپاکانە و تەواو بەدیقەت و بەوردی پانۆرامایەکی ئەو ڕۆژگارە ئاڵۆز و تژی لەباس و ڕووداوی هەڵبەز و دابەزی ناوخۆیی و هەرێمی و جیهانییەمان پێشکەش دەکات..
باسەکە لە دووتوێی ٧١لاپەڕەدا خراوەتە روو کە نووسەر پشتی بە ١٣٦ سەرچاوە و پەراوێز بەستووە...وەرگێڕ هەموو پەراوێزەکانی کردۆتە کوردی و بیۆگرافیایەکیشی بۆ نووسەر ئامادە کردووە.
دەبێ پێشەکی ئەوە لای خوێنەر روون بێت ، ئینگلیز پێش ئەوەی بێتە ناوچەکەی ئێمەوە ساڵی ١٩١٦ لەگەڵ فەرەنسییەکاندا ڕێکەوتننامەی (سایکس - پیکۆ)یان لە نێوان خۆیاندا مۆرکردووە بۆ دابەشکردنی سەرزەمینی دەوڵەتی عوسمانی وەک میراتێک بەپێی بەرژەوەندی خۆیان و کێشانی سنوورێکی سیاسی بۆ ناوچەکە کە بەرژەوەندی کوردی تێدا ڕەچاو نەکرا!... لە دەستگەیەکی گرنگی وەک دەوڵەت بێبەش کرا و بەزۆر کرایە چوار بەشەوە و بەخشرایەوە بەسەر دەوڵەتە تازە دروستکراوەکان دا! بەواتایەکی تر جانتای دیبلۆماسی و نەخشەی ناو هەگبەکەی ئینگلیز و فەرەنسا هیچی بۆ کورد تێدا نەبووە..!
باسەکان باسی پێشڕەوی ئینگلیز بۆ ناوچەکە هەر لەسەرەتاوە پەیوەندییان بەسەر هۆزەکانەوە کردووە و سۆزیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشن و کاریان بۆ بکەن... دیارە ئینگلیز خاوەنی زیاتر لە ٢٠٠ ساڵە مێژووی داگیرکاری بووە و وڵاتێکی پانوبەرین و فرە گرووپ و ئێتنیکی وەک هیندستانی لەژێر دەست دابووە..
کە هاتۆتە ناوچەکەوە هێشتا تورک هێز بووە و کاریگەریی لەسەر دەڤەرەکە هەبووە و پرسی هاوئایینی ئیسلام فاکتێک بووە بە سوودی تورک لەمەیداندا کاری کردووە..!

لەمەوداى باسى پەيوەندى ئینگلیز بە هۆزەكانەوە ناوى هۆزەكانى باجەلان و تالەبانى سنجابى دێ .ئینگلیز وەک هێزێکی نوێ و براوە لە شەڕ و هەڵگرى پەیامى ئاوەدانى و بونیاتنانەوە و پشتیوانى گەلان، سۆز و هەستى زۆرى خەڵکەکەی بەلای خۆیدا ڕاکێشاوە..
شێخ مەحموود وەک نوێنەرى سەرەکی کوردى باشوور و ڕۆژهەڵاتی نیشتمانەکەی ، ئەم بیرکدنەوەی کە ڕەهەندێکی نەتەوەیی هەیە گرنگە و دواتریش داوای ئەوە دەکات کوردی ئەوبەر سنوور بەشداری حوکمدارییەکەی بن، لێ ئینگلیز زۆر دژ دەبێت . شێخ هەوڵی داوە لەسەر زەمینەیەکی تۆکمە و تەندروست کار لەگەڵ ئینگلیزدا بکات .. ئینگلیز سەرەتا دڵخۆش بوون، دواتر ویستوویانە ملکەچی مەرامەکانی خۆیانی بکەن، شێخیش ئامادە نەبووە.. بەم پێیە کێشمەکێشی سیاسی و شەڕ دروست بووە و جارێ شێخ سەردەکەوێ و دواجار ئینگلیز.
نووسەدر ئاماژە بەوە دەدات سیستەمێکی خێڵەکی لە کوردستاندا کارا بووە، لەگەڵ ئەوەشدا شێخ وەک نوێنەری دۆزێکی نەتەوەیی لە خۆی دەڕوانی و لە نامەکانیدا بۆ دەسەڵاتدارانی ئینگلیز « داوای دەکرد کوردستان لە لیستی گەلانی رزگارکراو دەرنەکرێت !!«
مێجەر نۆئێڵ کە بەوە ناسراوە دۆستی کوردبووە، دێتە سلێمانی ئەرکی دامەزراندنی بەڕێوەبەرایەتییەکی پێسپێردراوە..
جوەیدە باس لە سیستەم دەکات ساندیمان و برووس یان مەلیکی کە دوو ئەزموون بوون ئینگلیز لە هندستان پێڕەوی کردوون و ڕایگوێزابوون بۆ کوردستان، لێرە شکست دەخۆن.
لە ١,١٢,١٩١٨ سێرئەرنۆڵد ویڵسنی دەچێتە سلێمانی و لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا بە ئامادەبوونی سەرۆکی ٦٠ سەرۆک هۆز کە بەشێکیان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتبوون لە ناوچەکانی سننە و سەقز و هەورامانی تەختەوە هاتبوون گفتوگۆ دەکەن و شێخ بەسەرۆک هەڵدەبژێرن. دیسان ئامادەبوونی هۆزەکانی ڕۆژهەڵات لەسەر پێداگری شێخ بووە و هاوکات ئاماژەی ڕەگەزێکی نەتەوەییە لە بیرکردنەوەی شێخ دا و ئەو دەسەڵات و حوکمدارییە هەیبووە.
لە کۆبوونەوەی ناوبراودا وەک نووسەر جەختی لەسەر دەکاتەوە دوو بۆچوون هەبووە :
١ -هەندێ هۆز وا خۆیان نیسان دەدا کەوا دەسەڵاتی بەریتانیایان لا پەسەندە
٢ -هەندێکی تریان داوایان دەکرد کوردستان ڕاستەوخۆ لەلایەن لەندەنەوە بەڕێوە ببرێ
ویڵسن دەڵێ: هەندی لەسەرەک هۆزەکان بە دزی پێیان وتووە دەسەڵاتی شێخیان پەسەند نییە.. بەڵام دواجار ڕێکەوتنامەکە لەلایەن ٤٠ سەرۆکەوە مۆرکراوە...
دەمودەست شێخ و سەرۆکە هاوڕێیکانی وەک نوێنەری کوردستان بەڵگەنامەیەک دەدەنە حکومەتی بەریتانیا.. دواتر چەند نامەیەک لەنێوان شێخی حوکمداری کوردستان و ویڵسن دا ئاڵوگۆڕ دەکرێ!.. لەیەکێ لەنامەکانی شێخدا هاتووە:"داوا دەکات ئەفسەرە بەریتانییەکان بکرێنە بەرپرسی هەموو دامودەزگاکانی حکوومەت بن و وەکوو مەرجیش داوای کردووە لە خوار ئەوانە کاربەدەستی کورد نەک عەرەب دابنرێ..! "
نووسەر باس لەوە دەکات کەوا نوێنەری هۆزەکانی ڕۆژهەڵای کوردستان بەفەرمی داوایان کردووە ببنە بەشێک لە حکوومەتە سەربەخۆکەی کوردستان، بەڵام بەریتانیا دژ بووە.. گەر بهاتایە ئەم داوایە قبوڵ بکرایە ئەگەری بەهێزبوونی حکومەتەکە زۆر دەبوو. رەنگە لە دوارۆژدا هۆزەکانی تریش داوای ئەوەیان بکردایە ببنە بەشێک لەدەسەڵاتی کوردی !ئەمەش بۆخۆی دەستکەوتێکی گەورەیی نەتەوەیی دەبوو، ئەرکی ئازادیخوازی کوردی ئاسانتر دەکرد...!
دوای ئەم پێکهێنانە، هەتا دەهات دەسەڵاتی شێخ و حکوومەتەکەی بەهێز دەبێ و هۆزەکان لەدەوری کۆدەبنەوە! شێخ وردە وردە گوێی بە هەموو فەرمانێکی بەریتانیا نادات ..!کاروبار بەم شێوە بەڕێوە دەچوو.. ئەم دەسەڵاتە کوردییە ڕەخنەی توندی لەسەر ئەوە لێ دەگیرێ ، لەم میانەی دابەشکردنی پۆست و پلەو پایەکان بەشێکی زۆری دەداتە خزموکەسوکاری خۆی! .. دیاردەی گەندەڵی سەری هەڵدابوو! بەم جۆرە نیگەرانی خەڵکی لێ کەوتەوە و لەولاشەوە ئینگلیز نیگەران بوو لەوەی شێخ لەخۆی گۆڕاوە و بۆتە جێی مەترسی! بەدوای بیانوودا دەگەڕان سزای شێخ بدەن و وەک نووسەر ئاماژەی پێداوە مێجەر سۆن حاکمی شار زۆر ڕقی لەشێخ بووە ..

هەبێ و نەبێ لەهەوڵە کوردستانی و فراوانخوازی و بەهێزکردنە خودییەکانی شێخ ناڕەحەت بوون و شێخ هەموو شتی بەدڵی ئەوان نەکردووە !!وەک لە باسەکەدا هاتووە گوایە شێخ پرسی دیموکراسی کردۆتە قوربانی پرسی نەتەوەیی، ئەمەش بەڵگەیەکی بەهێزە کەوا شێخ لەخەمی دۆزە نەتەوەییەکەیدا بووە و ئینگلیزیش خۆشییان بەم هەوڵ و تێکۆشانە نەهاتووە!. و دوور نییە شێخ هەواوخەیاڵی ترشی لە مێشکدا نەبووبێ، بەقازانجی بەهێزبوونی دەسەڵاتەکەی . لەم بارودۆخەدا پەیوەندی حکومەتەکەی شێخ و بەریتانییەکان تێک دەچێ .
ئینگلیزەکان هێندە ناڕەحەت دەبن و شێخ بەوە تۆمەتبار دەکەن کە شێتە یان منداڵە!.. هەوڵ دەدەن لەکەداری بکەن و ناوبانگی بزڕێنن.
کرۆکی بیرکردنەوە و ئامانجی شێخ ئەوەبووە کوردیش وەک گەلانی ناوچەکە بێتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی! ئەمەش ڕاستەوخۆ دژی پلان و نەخشەی ئینگلیز بووە! ئیدی گرژی و ئاڵۆزی و لێکتر حاڵی نەبوون سەری هەڵداوە..
نووسەر دەڵێ : شێخ لەسەر بنەمای ناوناوبگی بنەماڵەکەی پێگەی بەهێز بوو! باپیری گەورەی شێخ مارفی نۆدێ زانایەکی گەورەبووە! حاجی کاک ئەحمەدی شێخی باپیری شێخێکی گەورە بووە! باوکی شێخ سەعید لە هەرای موسڵ گیانبەخت دەبێ !هەڵبەتە خۆیشی ڕێچکەگری ئەوان و گیانی کوردایەتی تێدا زۆر بەهیز بووە بەدوای خەونی
هێنانەدی ئاواتی نەتەوەکەیەوە بووە.. شێخ ئاگاداری گۆڕانەکانی جیهان بووە، دڵی بە ١٤ خاڵەکەی سەرۆکی ئەمەریکا ویڵسن و مافی چارەنووسی گەلان خۆش بوو.. ئاگاداری شۆڕشی ئۆکتۆبەر بووە و هاوکات بەچاوی خۆی بزاڤی پان ئیسلامی عەرەبی و تورکی دەبینی! ئەمانە هەموو کاری تێدەکەن و ئەویش دەیەوێ لە خزمەتی کوردایەتی دوانەکەوێ!!
ئینگلیز هەوڵ دەدەن دەسەڵاتی کەمکەنەوە .. گرژی ڕووداوەکان بە ئاستێک دەگات شێخ ڕازی نابێ و پەلاماری ئینگلیزەکان دەدات و شاریان لێ پاک دەکاتەوە ..!لە یەک قۆناغی گرژییەکاندا ئینگلیز دەشکێ و شکۆی ئیمپراتۆرێتی بەریتانی دەرووشێ، بەڵام لە دووەم گەڕدا بەهێز و سوپایەکی گەورە دێنەوە شێخ دەبەزێنن و ٤٨لە سوپاکەی گیان بەخت دەکەن و لەدەربەندی بازیان بەبریندار لەگەڵ ١٠٠ کەسی تردا دیلی دەکەن ..!
سزاکەی سەرەتا بە لە سێدارەدان دەدەن و پاشان بۆی دەکرێتە زیندانی هەتاهەتایی و دواجار بڕیاری دوورخستنەوەی بۆ هیندستان دەدەن..
نووسەر هۆکاری شکستەکەی شێخ دەگێڕێتەوە بۆ: لاوازی ڕێکخستن و ناتەواوی سەرچاوە و دەرامەتی ژیان !کەمی و سادەیی چەک و تەقەمەنی و نزمی ورەی سوپاکەی بەهۆی نادڵسۆزی بەشێکی زۆری ئەوانەی لەگەڵی بوون!..لەهەقەتیشدا بۆ دەسەڵاتێکی بچووکی وەک حکومداری شێخ سەخت بووە، شەڕی شکۆی ئینگلیزی گەورە هێزی کۆلۆنیالیستی جیهان بکات ..!
نووسەر دەنووسێ: "هەڵبەت کاتێ زۆر دەوێ بۆ کورد لەتەواوی ناوچەکەیاندا کە جیاوازییان بخەنە لاوە و کینە و ناحەزییان بەرانبەر بەیەکتر لەبیر بچێتەوە بۆئەوەی لەدژی نەیاری دەرەکی یەکگرن .."
ئەوەش هەقیقەتێکی بەهێزی تێدایە، چونکە دواتر زۆر سەرەک هۆز لەلایەن ئینگلیزەوە بە پارە لە شێخ هەڵگەڕانەوە وازیان لە پشتیوانیکردنی هێنا! دەبێ ئاماژە بەڕۆڵی( مەحمودخانی دزڵی مەحموود خانی کانی سانان و کەریمی فەتا ح بەگ) و چەند سەرەک هۆزێکی بدەین کە بەوپەڕی دڵسۆزییەوە پشتیوانی دەسەڵاتی کوردبوون .. تەنانەت مەحمود خانی دزڵیش وەک شێخ بۆ هندستان دوورخاوەتەوە ..!
لەم خوێندنەوەیەدا تێدەگەین دڵسۆزانی شێخ جگە لە موریدەکانی خۆی کەم بوون لەچاو تەواوی میللەتدا لە باشوور. ئینگلیزەکان هەموویان ئاماژە بەم خاڵە دەکەن!..ڕەنگە شێخیش توانای پێویستی نەبووبێ بۆ مامەڵە لەگەڵ ئینگلیزدا و تورکیش لەولاوە بەردەوام هەوڵی ئاژاوە نانەوە و ئاڵۆزکردنی پەیوەندییەکانی داوە !با لەبیرمان نەچێ دۆخی گەلانی تری ناوچەکە لە هی کورد باشتر نەبووە، بەڵام ئەوان (لۆڕانس)یان بۆدروست کردن و کوردیش (بێل و کۆکس) تاسەر ئیسک کەوتنە دژایەتی !.. بۆنموونە کاتێ فرۆکەکانی ئینگلیز سلێمانی بۆمباران دەکەن بێل لە خۆشیدا بۆ مەرگی شێخ شایی گێڕاوە و بروسکەی ناردووە وەک هەواڵێکی خۆش بۆ دایک و باوکی ..!

باسەکەی وەدیع جوەیدە لە چوارچێوەی مێژوودا ماوەتەوە و دوورە لە هەموس باسە تیۆرییەکانی نەتەوە و ناسیۆنالیزم و شرۆڤە و پێناسەی ئەم دیاردانە و ڕاڤەکردن و هەڵسەنگاندنی ناسیۆنالیزمی کوردی .. لەگەڵ ئەوەدا باسێکی بەپێز و چڕ و بەسوودە و مادبوونێکی زۆری نووسەری پێوە دیارە..
§§§§§§